# دۆست و دوژمن

مامۆستا شێرکۆ
دۆست و دوژمن
9/11/17

# دۆست و دوژمن

ئەشێ ئەم بابەتە لە ناونیشانەکەیدا هەندێک بە جاوینەوەی خەڵکە چەپ و مارکسیستەکانی لە قەڵەم بدەن پێییان وابێ ئەمە کۆپییەک بێت بە ناونیشانێکی ترەوە "بۆ شیکردنەوەی چینەکان "ی ماوتسی تۆنگ ، پێم نەنگی نیە بڵێم لەم ڕووەوە قوتابیەکی دڵسۆزی کوردم بۆ ئەو شێوە قوڵبوونەوەو لێکدانەوەیەی ئەو ، ئەو لە ئەزموونی وڵاتەکەی خۆیەوە توانی ڕۆشنایی باش بخاتە سەر پێکهاتەی دانیشتوانی وڵاتەکەی خۆی ، تا بتوانێ بەرچاو ڕوونی هەبێت سەبارەت بە دۆست و دوژمنە ناوەکی و دەرەکیەکانی. بۆیە لەم ساتەدا بە باشمزانی ئەمبابەتە بخەمە بەردەست .

**دۆست** ، دۆست کێیە ، ئەو کەسەیە لە خۆشی و ناخۆشیەکاندا لە گەڵتایە پشتی پێ دەبەستی پشتت پێ دەبەستێ ، ڕێ نیشاندەرتە ڕێ نیشاندەری ئەوی ، هاوبیرتە هاوبیریت ، دەروون و زمانی وەک یەکە ، تووتی نیە بە هەموو شتێک بڵێ بەڵێ ، خۆپەرست نیە بڵێ نەخێر ، کورد دەڵێ دۆست ئەو کەسەیە دەت گرێنێ ، واتە ڕێگرە کاتێ هەنگاوی هەڵە دەنێی ، ئەو کەسەیە متمانەت پێیەتی یا متمانەی پێتە ، دەست بۆ کارێک نابات گەر ئامانجەکەی لە خزمەتی دۆستەکەیدا نەبێ ، تاوانت بەرامبەر ناکات و تاوانی بەرامبەر ناکەیت . دۆستەکان بریتین لە دۆستی تاکە کەسی ، دۆستی خێزانی ، دۆستی خوێندکاری ، دۆستی سەرکار ، دۆستی چینایەتی ، دۆستی سیاسی ، دۆستی حیزبی ، دۆستی مرۆڤایەتی ، دۆستی دەرەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ، دۆستی نێو نەتەوەیی ، ... هتد .

**دوژمن** ، هەر کەسێ دۆستت نەبوو ئەوە ناگەیەنێ دوژمن بێت ، کەسێکە، لایەنێکە ، حیزبێکە ، دەوڵەتێکە ، بەرهەڵستی لە ژیانی ئاسایی مافی مرۆڤ بوون دەکات ، دژایەتیەکەی خۆی دەنوێنێ لە ڕێگری ژیان ، چەوساندنەوە ، ماف لێ سەندن وەک : کار ، زمان ، کەلتوور ، بیرو باوەڕ ، جیاوازی ڕەگەزی ، هەڕەشە ، سەپاندنی جیاوازی نەتەوایەتی ، داگیرکردنی خاوەندارێتی بە زەبر ، داگیرکردنی خاک ، بردنی سامانی وڵات بەزەبری سەربازی ، پەلاماردان ... هتد .

بگەڕێینەوە سەر دۆست بە وردی بزانین لە کۆمەڵگای کورددا دۆست لە چیدا خۆی دەبینێتەوەو جۆرە ناوەکی و دەرەکیەکانی کامانەن :

**دۆستی ناوەکی** ، گشت چین و توێژەکان وەک : کرێکاران ، جوتیاران ، سەرمایەداری نیشتمان پەروەر ، فەرمانبەران ، مامۆستایان ، پارێزەران ، دادوەران ، ئەندازیاران ، پزیشکان ، کاسبکاران ، تێکڕای کارمەندانی پۆلیس و ئاسایش ، سەرمایەداری نیشتمان پەروەر.

بێگومان کرێکاران و جوتیاران دوو چینی بنچینەیی کۆمەڵگا پێک دەهێنن و زۆرینەی توێژە کۆمەڵایەتیەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەرچاوە مرۆییە وەک هەردوو لاقی مرۆڤن.

***کرێکاران*** کاریگەری گرنگیان هەیە لە کۆمەڵدا لەبەر هەمهێنانی بەروبووم و دروستکردنی خانوو بەرەو ڕێگاو بان و ئاوو کارەباو نەوت و غاز و کارگە پیشەسازیەکانی کەرتی گشتی و تایبەت ، چەندە ژمارەی کرێکار زۆر بێت نیشانەی زۆری کارگەی پیشەسازیە بە پێچەوانەشەوە ڕاستە ، واتە هەلی کاریش زۆرترە ، جێگای داخە کوردستان بە هۆی داگیرکاری و حوکمڕانی خۆماڵی خراپ باری گوزەرانیان لە هێڵی هەژاریدایەو نەتوانراوە سامانی کانزایی کوردستان و بەروو بوومی کشتووکاڵی بخرێتە بواری پیشەسازیەوە تا سامانە مرۆییەکەی کوردستان بخرێتە کارەوە ، ئێستا لەبری ئەوە خراوەتە ململانێی حیزبییەوەو کراوەتە چەکدارێک بژێوی ژیانی خۆی بە زۆری لە ڕۆژەکانی پشوویدا پەیدا بکات . لەبەر ئەوەی کرێکاران ڕێژەیەکی بەرچاوو گەورەو سەنگی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە لە بڕیاردانی ئابووریدا بۆ لەسەر پێخستنی بە دۆستی ڕاستەقینەی کۆمەڵگاو حوکمڕانە بۆیە نابێت نادیدە بگیرێت و گرنگی نەدرێت بە پێشخستنی و ئاشنا نەکردنی بە نوێترین ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ، کرێکاری کارامەو پیشەسازی کاریگەری سەرەکی هەیە لەسەر ئاستی هوشیاری کرێکاران خۆیان و خێزان و دەورو بەرەکەشیان .

***جوتیارانی*** کوردستان بە هۆی ڕاگوێزان و ئەنفالەوە گەورەترین چەپۆکی بەرکەوت و دابڕێنرا یا دەستی کارەکەی لە نێو برا کرایە لوقمەیەکی زیندووی بیابانەکان ، ئەوەیشی مایەوە لەبەر نەبوونی زەوی بە زۆری کە هێشتا زۆربەی خاکی کوردستان بەدەستی پاشماوەی دەرەبەگەوەیە ئەوەیشی دۆنمێ یا دوو دۆنم زەوی هەبێ ژیانی بۆ دابین ناکات و گەر بەرهەمیشی هەبێ پارەیەکی ئەوتۆی بۆ ناکات لەبەر بەرهەمی هاوردەی بازرگانە بێ ویژدانەکان و نەبوونی بەرنامەیەکی کشتووکاڵی هەمەلایەنەو کەمی هاوکاری حوکمەت بۆ جوتیاران نەبوونی پلانی کشتوکاڵی تۆکمە ، باری جوتیارانی کوردستان لە ڕووی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی کشتووکاڵیدا لەو پەڕی خراپیدایە گەر بەراوردی ڕێژەی بەرهەمهێنان بکەین بە زەوی و ئاوی کوردستان ، جوتیاران کۆڵەکەو پاڵ پشتی کرێکاران و بەرهەمەکەشیان هاندەری یەکەمە بۆ بە پیشەسازی کردن و پەیداکردنی دەستی کاری کرێکاران ، واتە جوتیارانیش هیچیان کەمتر نیە لە کرێکاران چینە گرنگەکەی تری کۆمەڵگای کوردستانە بە دۆستێکی ڕەسەن و بەرهەمهێنەر دادەنرێت ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت ، هەر فەرامۆش کردنیشی بە زیان بۆ ئابووری وڵات دەگەڕێتەوە حوکمەتی ڕاست ئەوەیە باری جووتیاران لە هەموو ڕووەکانی خوێندەواری هوشیاری کشتووکاڵی و ئاشنا کردنیان بە نوێ ترین ئامێری کشتوکاڵی و باشترین تۆوو دانەوێڵەو پەین و چاکردنی زەوی و دروست کردنی بەنداو بۆ گلدانەوەی ئاوی باران ، بێ ئەم دۆستە ڕاستەقینەیەی کۆمەڵگا لایەکی کۆمەڵگا دەمرێ .

***فەرمانبەران*** ، توێژێکی کۆمەڵایەتی زۆر فراوان لە گشت فەرمانگە حوکمەتی و کەرتی تایبەتدا هەن بۆ ڕایی کردنی کاروباری هاوڵاتیان لە شوێنەکانی وەک : پارێزگاو قەزاو ناحیە لە نەخۆشخانەوە دادگاو فەرمانگەکانی گواستنەوەو ئاوو کارەباو پۆستەو کارگەکانی کەرتی تایبەت و نوسینگەکانی پۆلیس و ئاسایش و سوپاو ، ئەم توێژە خاوەنی هوشیاری و زانیاری باشن لە دەرچووی ئامادەییان کەمتر تێدا نیە سەریان دەردەچێت لە کاروباری بەڕێوەبردن و بەوردی تێدەگەن لە پێشکەوتوویی یا دواکەوتوویی وڵات و کۆمەڵگا ، ئەمان لە هەموو توێژەکانی تر هەست دەکەن ئایا کۆمەڵگای کوردەواری لە چ قۆناخێکی عەقڵی دایە و ڕێژەی هوشیاری گەیشتۆتە چ ئاستێک سەرەڕای کەم خوێندنیشیان ، ئەمان توانایەکی باشیان هەیە بۆ فێربوون بەو پێیەی پەیوەندیان بە هەموو کۆمەڵگاوە هەیەو لە هەمان کاتیشدا ڕوژانە لەسەروی خۆیانەوە زانیاری تریان دەست دەکەوێ . ئەمانە دۆستی کۆمەڵگان لە دوولاوە شایەستەی خزمەتن لەلایەن کۆمەڵگاوە کە بەڕێزەوە هەڵس و کەوتیان لەگەڵ بکرێت کۆمەڵگا نەیانخاتە خاڵی لاوازەوە وەک بەرتیل وەرگرتن و فێری جیاوازی کردن لە نێوان کەسەکان دوورخستنەوەیان لە ئەرکی فەرمانبەریان کە ڕایی کردنی خێراو پاکی و یەکسانی و گرنگی دان بە کاتی کارەکەی و تەمەڵی نەکردن و لە کاتی خۆیا هاتن و دەرچوون ، زۆربەی کاتەکان کۆمەڵگا بەرپرسی یەکەمە لە خراپی و کەمتەرخەمی فەرمانبەر لە کارەکەیدا ، جا بۆ ئەوەی لەبەرەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگادا بمێنێتەوە دەبێ کۆمەڵگا بەوپەڕی پاکی و ڕاستی هەڵس و کەوتیان لەگەڵ بکات ، لێرەوەیە کۆمەڵگا دەتوانێ ئاستی گەندەڵی حوکمڕانەکەی ئاشکرا بکات و زانیاریەکانی بەدەست بهێنێ ، ئەم توێژە ئەتوانێ بڕیار بدات لە وڵاتی سیستەماتیک.

***مامۆستایان*** ، ئەو توێژەی بەرهەمهێنەری فەیلەسوف و زاناوداناو خۆیی و داهێنەران و پارێزەران و دادوەران و ئەندازیاران و پزیشکان ... هتد ، شایستەی ئەوەن لەسەر سەر دابنرێن ڕێزیان لێ بگیرێ ، پێویستە هەرکەسێ ئاوڕ لەڕابووردووی ژیانی خوێندکاری خۆی بداتەوە ڕابچڵەکێ کە مامۆستا بووە ئەوی گەیاندۆتە ئەوێ ، لە هەر ئاستێکدا بیت هێشتا ناگەیتە ئەو ئەرکە پیرۆزەی مامۆستا گێڕاویەتی لە کۆمەڵگادا ، بەڵام داخەکەم مامۆستا لای ئێمە هەر لە دەسپێکی خوێندنیەوە بۆ بوون بە مامۆستا بە بەرنامەیەکی هەڵەدا دەبرێت لە جیاتی ئەوەی خاوەن نمرە بەرزەکان بڕۆنە کۆلیژی مامۆستاییەوە نمرە کەمەکان بۆی دەڕۆن ، لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستایانی کوردستان شکۆترین ڕۆڵیان هەبووە لە پێگەیاندندا سەرەڕای گرنگی پێ نەدانیان و مانەوەیان بە کەم دەرامەتی و سەختی ژیان ، زۆربەی تا خانەنشینیش لەوەیە خاوەنی خانووی خۆی نەبێت ، مامۆستاو کۆمەڵگا لەڕێی خوێندکارەکانەوە ڕۆژانە میوانی یەکترن دەنگ و باسی خێزانەکان سەر بە قوتابخانەیا دەکاو خوێندکاریش باری مامۆستا دەگوازێتەوە بۆ ماڵەوە ، باشترین کۆمەڵگایەک ئەوەیە لەگەڵ مامۆستا ڕاوێژ بەیەک بکەن و بێ ئاگا نەبن لە یەک ، مامۆستاش دۆستی ڕاستەقینەی کۆمەڵگایە ئەوە تاکی هوشیار بەرهەم دەهێنێ بۆ کۆمەڵگا .

***پارێزەران*** ، خوێندکاری ژێر دەستی مامۆستا ، ئەو کەسەی بەلاپەڕەکانی یاسادا گوزەری کردووەو سوێندی یاسایی خواردووە لە گەڵ تاوانباراندا مرۆڤ دۆستانە تێ هەڵبچێت و بە باش بڵێ باش و خراپیش خراپ ، کارەکەی نەدۆڕێنێ بۆ پارەی ناڕەواو بەرتیل و یاسا بخاتە ژێر پێوە ، توێژێکی یاسایی کاریگەرن گەر کۆمەڵگای نەخوێندەوارو دواکەوتوو بە هەڵەیاندا نەبات ، هەر جاری واش هەیە پارێزەر خۆی خووەکەی ئەو نالەباریەی تێدایە مل کەچ بکات ناهەقیەک بەرەو هەق بەرێت ، لە وڵاتانی سەرمایەداریدا ئەو جۆرە پارێزەرانە زۆرن پارەی باشیان دەست دەکەوێ هەتا خاوەن هەق بە ئاگا دێتەوە لە کونی زیندان قایم کراوە ، گەر کۆمەڵگا ڕووەو هوشیاری هەنگاوی باشی نا ژمارەی تاوانبارانیش کەم دەبنەوە ، بە هەر حاڵ پارێزەران توێژێکی هوشیارو یاسایی باشن تا لە بوارەکەی خۆیاندا کار بکەن دۆستی کۆمەڵگان و لە سایەیاندا چەواشەکاری دروست نابێ ، بەڵام هەر ئەوەندە ڕووی کردە سیاسەت و تێکەڵاوی بوو ئەمبەرو ئەوبەروو خۆ دۆڕاندن و دوورکەوتنە لە یاسا قێزەون دەبن .

***دادوەر*** ، واتە کەسێک داد دەپارێزێ لەسەردەستی پرس و گرفت و کێشەکان یەکلایی دەبنەوە ، وڵاتی بێ دادو دادوەری پاشا گەردانیە ، بوونی دادوەری ڕاست کار لە جوان کردنی سرووشتیش دەکات بەرەو جوانتر ، چونکە ڕێگاکان لە مرۆڤە خراپکارەکان دەگرێ ، دادوەر هەر وەک ئەو ترازووەی لە پشتیەوە هەڵواسراوە کاری هەوسەنگ کردنە ، نەهێڵێ کار لە کار بترازێ ، بێ دادوەری وەک وڵاتی ئێمەی لێدێت کەس بەکەس نیە هەریەکەو بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ بۆ بەرژەوەندی ، بوونی دەسەڵاتی دادوەری مەرجە بۆ هەر کۆمەڵگایەک تەنانەت لەوپەڕی پێشکەوتنیشدا بێت پێویستیشە فەرمانی دادوەر سەد لەسەد جێبەجێ بکرێت وەک چۆن لەبەردەم گڵۆپێکی سوردا نابێ بڕۆیت چونکە گیانت دەکەوێتە مەترسیەوە، ئەبوایە کۆمەڵگای کورد خەمی زۆری داوەری بخواردایە ، بەڵام بەداخەوە ئەمجارەش هەر کۆمەڵگا تاوانی گەورەی کردووە پێداگری نەکردووە بەڵکو زۆرجاریش بۆتە هۆی لە ڕێ دەرچوونی دادوەرو ئەو توێژەی بێزراو کردووە . دادوەرانی کوردستان گەر بە ڕاستی یاسایان لا سەروەر بوایە هەرگیز خەڵکی کوردستان بەم دەردەی ئێستا نەدەچوو ، ئەیان توانی سنوورێک دابنێن بۆ حوکمڕانەکان تا ڕادەی وەرگرتنەوەی مۆڵەتی حیزبایەتی لە هەندێک حیزب و دادپەروەری بسەپێنن ، ئەگەر کۆمەڵگای کورد دەیەوێ کۆمەڵگایەکی دروستی هەبێت پێویست دەکات پێ داگری بکات کە دادوەرەکانی کوردستان حیزبی نەبن و تەنها مل کەچی یاسا بن ، ئەگینا هەق لە بن ناهەقدا هەر دەناڵێنێ و ئەم توێژە گرنگەی کۆمەڵگا دەخرێتە خزمەتی دوژمنانی یەک ڕیزی کۆمەڵگاوە ، ئەم توێژە ناکێشرێت بە هیچ سەنگێک تەنها بە یاسا نەبێت ، دەبێ خۆی هەڵقورتێنێتە گشت بوارەکانی حوکمڕانی خۆی بسەپێنێت بەسەر حوکمەتدا بکۆڵێتەوە لە هەر کەم و کووڕیەک و ڕای خۆی لەسەر دەر ببڕێ و فەرمانی کردن و نەکردنی بەدەست بێت ، بۆیە دۆڕاندنی وەک دۆستی ناوەکی و ڕاستەقینە کارەسات بارە کۆمەڵگا تووشی زیان دەکات.

***ئەندازیاران*** ، ئەی خوێندکارە ژیرەکەی زانست بە تایبەتی ماتماتیک تۆش لەبەردەستی مامۆستادا دەستت قەڵەمی گرت ، تۆی ئەو توخمەی جوانی دەدەی بە وڵات بە نەخشە جوانەکانت و بیرکردنەوە قووڵەکانت لە ناخ و ڕوخساردا ، شێخ زاید بن سوڵتانی ئیمارات بانگی ئەندازیارانی کرد پێیانی وت پارە لە ئێمەو گوڕینی ڕوخساری سەر ئەم لمە ئەخەمە ئەستۆی ئێوە وا دەیبینن چۆنە ئێستا ، ڕاستە ئێمە ئەومان نیە کەسێکمان هەیە ئەزانێ بڕووخێنێ ، بەڵام ئێوەیەک وەک دروستکەری بۆمبە ئەتۆمەکەی ئەمەریکا مەبن زانست بۆ زانست فێربوون ئەنجامەکەی لەناو بردنی دوو شار بوو ، ئێوە دەتوانن کاریگەر بن لەسەر حوکمڕان لانی کەم ئەو کارانە جێبەجێ مەکەن دواڕۆژ زیان بە هاونیشتمانی دەگەیەنێ و ژیان لە بودجەی گشتی دەدات ، ئێوە دەتوانن کاریگەریتان لە شاروو ژینگەو ڕێگاو بان و ئاوو کارەباو بەکارهێنانی سامانی وڵاتتان هەبێ بە خێرایی لە جیاتی کاری باش بۆ کۆمەڵگا قەرزاربایش دەربچین ؛ ئێوەی ئەندازیارانی نەوت و غاز دەبینن کوردستان کون کون کراوەو لە قەرزاری زیاتر هیچمان بۆ نەماوەتەوە . تەلارسازان تەماشای شارەکانمان دەکەین بووەتە یەک پارچە کۆنکرێت و ڕێژەی سەوزایی تیایدا لە ٣% تێپەڕ ناکات تەلارەکان ڕێگا بە ئاڵوگۆری هەواش نادات گەرم و ساردیەکەشی لە هاوین و زستان کاردەکاتە سەر خەرجی کارەباو سووتەمەنی ، ئەمە جگە لە ناڕێکی و ناقۆڵایی خانوو تەلارەکان و نەبوونی کەمترین ڕێ و جێی پاراستن بە تایبەتی تەلارە گەورەکان و نەگونجانیشیان لە گەڵ سەردەمدا لەڕووی کەمی شوێن وەستانی ئۆتۆمبیل لە ماڵان و تەلارەکان و شوێنە گشتیەکاندا ، ئێوەن سبەینێ خەڵک ستایشتان بکات یا پەنجەی نەزانی و ناکارامەییتان بۆ ڕادەکێشێ ، بە نەخشەجوانەکانتان وڵات جوانەبێ دڵگیر دەبێ و خۆشتان سەربەرزو جوان دەبن لەڕیزی دۆستە ڕاستەقینەکەدا دەبن .

***پزیشکان*** ، ئەوانەی زۆر جار نەخۆشتان لە مردن گەڕاندۆتەوە ، ئەی خوێنکارەکەی بایەلۆژی و کیمیا ، خوێندکاری مامۆستا بوون ، پزیشکە بێ سنوورەکانی دنیاش وەک ئێوە پزیشکن بەڵام لێ بووردە بۆ مرۆڤایەتی ئەوە جۆرێکی زۆر باڵایە لە خۆبەخشین بە لام ناگاتە ئەوەی لە پێناو نیشتماندا گیانی دەبەخشێ وەک پێشمەرگە و گەریلا و شەڕڤان ، دیارە پزیشکیش هەر وەک پیشەو کارەکانی تر دوو قازانج دەبەخشێ یەکیان پارە پەیدا کردنە ئەوەش مافە ئەویتریان کارە مرۆڤانەییەکەیە ، تابەتەنگەوەهاتنت زیاتر بێت بۆ نەخۆش دەیان کەڕەت زیاتر لە پارە دڵخۆش ترت دەکات ، بۆیە کەسایەتی تۆ لە پێشەوە لە ڕوە مرۆڤانەییەکەیەوە لەبەرچاو دەگیرێ ، لەوەیە زۆر پزیشک نەخۆش پێی وتبێ چیم هەیە دەتدەمێ تەنها ڕزگارم بکە چونکە نەخۆش متمانەی بە پزیشکە ، پزیشک سێ جار دەوڵەمەند دەبێ کاتێ نەخۆشێک لە ژێر دەستیا هەڵدەستێتەوە بەتەندروستیەکی باش یەکیان ئەو ناوبانگەیە کە نەخۆشەکە بۆی دروست دەکات دووهەمیان بردنە سەری ئەو سوێندەیە کە خواردوویەتی سێهەمیان ئەو شارەزاییەیە کە پەیدای دەکات . پزیشکەکان لە هەموو کەسێ

زیاتر دەزانن باری تەندروستی وڵات لە چیدایە بۆیە ئەرکی سەرشانیان هەر بینینی نەخۆش نیە بەڵکو لێکۆڵینەوەشە لە گشت بارەکانی بەرەو پێش بردنی تەندروستی و ئاشکرا کردنی باری نالەباری پێشهاتە خراپەکانی نەخۆشی بە تایبەتی درمەکان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری خێراو بەخەمەوەبوون ، دەتوانن لە شێوەی دەستە دەستە پزیشک کار بکەن و کاراو لێهاتوو بن بۆ کردنەوەی تاقیگای بەهێزو دەرمان سازی و گرنگی دان بە نەخۆشخانە گشتیەکان و نەخۆش ناچار مەکەن ڕوو لە نۆرینگەکانی خۆتان بکەن ، نەخۆشخانە گشتیەکان بۆ هەموو هاوڵاتیانە بە تایبەتی کەم دەرامەتەکان ، کارە مرۆڤانەییەکەت لەوەدا دەرەکەوێ چاوت لەو جۆرە نەخۆشانە بێت ، کۆمەڵگا هەقیەتی ڕووی دەمی لەتۆ بکات کاتێ دەبینێ کەم و کووڕی لە بواری دەندروستیدا هەیە هەمیشە بە دۆستی ڕاستەقینەی خۆیت دەزانێ .

***__کاسبکاران__*** ، ئەوانەی لە باوکانەوە پیشەیەکیان بۆ ماوەتەوە یاخۆیان بە ژیری و ئازایەتی خۆی کردووە بە کارمەندێک ، دوکاندار بە هەموو جۆرەکانیەوە ، فیتەر ، وەستا هەر جۆرێک بێ ، بەرگ دروو ، پینەدۆز ، چایچی ، چێشت چی ، شوفێر ... هتد . توێژێکی بەربڵاوی کۆمەڵە کاروبارە وردەکانی کۆمەڵگا بەڕێوە دەبات وەک کەرتی تایبەت ، پەیوەندیەکی توندی بە کۆمەڵگاوە هەیە ، هەر پێشکەوتنێ بەقازانجی دەگەڕێتەوە هەر قەیرانێک یا کارەساتێ ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دادەنێ ، ئەم توێژە ئەتوانێ هاوسەنگی لە ئاڵوگۆردا درووست بکات ببێتە هۆی خۆش حاڵی لەتەنگانەدا بۆ کۆمەڵگا ، گەر هاتوو گیانی نیشتمان پەروەری تیادا خەملی بوو بە ئاسانی دەتوانێ بچێت بەگژ قەیران و تەنگانەکاندا لانی کەم ئەتوانێ نرخ جێگیر بکات نەهێڵێ بەرز بێتەوە ، ئەتوانی پێداویستی باش خراپ بدات بە کڕیار گەر پێ داگر بوو لە شمەکی باش و بێخەوش دیارە ڕاستگۆیی خۆی دەسەلمێنێ ، نیشتمانی پێشکەوتوو لە ڕاستگۆیی کاسبکارەکانیا دیارە ، ئەم توێژە لە ڕووی هوشیاری کۆمەڵایەتیەوە زیاتر پێویستیان بە هوشیاری کۆمەڵەیاتی و نیشتمانی و ئابووری هەیە ، بڕێکی زۆر خووی خۆپەرستی و شکاندنی یەکتری تیادا بەدی دەکرێت ، توێژێکە زۆرینەی بێکارەکان لە خێزانەکانی ئەمانەوە دەرەکەون و پشکی شێریان بەرکەوتوە لە شەهید دان لە پێناو نیشتماندا بۆیە بە دۆستە ناوەکی و ڕاستەقینەکەی کۆمەڵگا دادەنرێن ، هەر زیانێک لە مان بکەوێت کۆمەڵگا تووشی ئیفلیجی دەکات لەبەر بوونی پەیوەندی ڕۆژانەو ڕاستەوخۆ بە کۆمەڵگاوە .

***__تێکڕای کارمەندانی ئاسایش و پۆلیس__*** ڕۆڵەی کۆمەڵگان ئەرکی ڕاستەوخۆی پاراستنی ئاسایش و باری کەسێتی هاونیشتمانیە ، لە ڕاستیدا ئەم توێژە دەبێ لە سەدا سەد لە خزمەتی هاونیشتمانیدا بێت دۆستی ڕاستەقینەی خەڵک بێت و بەبێ مۆڵەتی یاسا بۆی نەبێ دەست بۆ کەس بەرێت ، بەڵام لەوڵاتی ئێمەدا ئەرکەکە لە پاراستنی کۆمەڵگاوە گۆڕدراوە بۆ پاراستنی دەسەڵاتدارانی حیزبی و ئەرک و فرمانەکانی ئەوان لە پێشینەی جێبەجێ کردندایە بۆیە لەو دۆخەدا ئەرکە ڕاستەقینەکەی کە دۆستایەتی ڕاستەقینەی کۆمەڵگایە لەدەستی دەدا هەر چەندە هاونیشتمانی هەر پەنای بۆ دەبات و بە هی خۆی دەزانی لەبەر ئەوەی ئەو

دەزگایە هەر دەمێنێ ئەو حیزبانەی دەسەڵاتی کاتیان بەسەردا هەیە هەتا سەر نامێنن بۆیە ئەوان هەر بە دۆستە ڕاستەقینەکەی کۆمەڵگا دەمێننەوە ، ئاسایش واتە ئۆقرەیی ، پۆلیسیش بە واتای پیاوێکی بە ڕەوشت و گوێڕایەڵ و ژیربێژ و بە ئاگا و شارستانی و خوێندەوار ، کەواتە ئەم توێژە پاراستنی ژیانی خەڵکیان لە ئەستۆیە بۆ گشت کۆمەڵگایە نەک بۆ کەسێک لایەنێک دەستەو تاقم و حیزب بێت ، کە وای لێهێات ئەرکە ڕاستیەکەی لەدەست دەدات .

***سەرمایەداری نیشتمان پەروەر*** ، ئەو کەسەیە بەکۆششی خۆی یا بە میرات لە کۆششی باوو باپیرانیەوە سەرمایەیەکی بۆ بەجێماوە ئێستا بەو سەرمایەیەوە لەناو کۆمەڵگادا دەناسرێت . سەرمایەداری نیشتمان پەروەر بە ئەرکی خۆی دەزانی داراییەکەی لە وڵات بخاتە گەڕەوەو هەوڵیش دەدات سەرمایەی بێگانەش بۆ خۆی بەکێش بکات و باوەڕی بە سنورێکی دیاری کراوە سەرمایەکەی تیادا هەڵبسووڕێ و خێرو بێر بۆ وڵاتەکەیی و داراییەکەی خۆی بهێنێ ، دەبینێ گەشەکردنی وڵاتەکەی گەشەکردنە لە خزمەتی خۆیدا هەروەها هەر خزمەتێکی وڵاتەکەی بە خزمەتی سەرمایەکەی خۆی دەزانێ ، ئەو ڕازی نابێت بێگانە بێت خێری وڵاتەکەی بەرێت ، بۆیە هەمیشە لە هەوڵدایە وڵاتەکەی لە ئاسایش و ئۆقرەییدا بێت ، سەرمایەداری نیشتمان پەروەر سەرمایەکەی لە بوارە بنچینەییەکانی پێشخستنی بەرهەمی پیشەسازی و کشتووکاڵیدا ئەخاتە گەڕەوە باوەڕی وایە هەر ئەو دوانەیە وڵات بەرەو پێشەوە دەبات و دارایی ئەمیش لە زیادبووندا دەبێت ، بۆیە سەرمایەداری نیشتمان پەروەر لە هەوڵی دیاری کردنی سنوری جوگرافی نەتەوەییدایە ، بەلایەوە قەوارەی نەتەوەیی سەرمایەی نەتەوەیی دەپارێزێ . بێگومان داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە ڕێگر بوونە لە دروست بوون و گەشەکردنی سەرمایەداری کورد گەر لە پەناوە یەکێک لەدەست دەرچووبێ هێناویانەتەوە بن باڵی خۆیان و زۆرجار وایان لێ کردووە ناوبانگی بە خراپی بڵاو بێتەوە لە کۆمەڵگادا تا کاریگەری بیری نەتەوەییان تیادا نەخەملێ و بتوانن ڕابەرایەتی کۆمەڵگا بکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد ، خۆ ئەگەر ئێستا سەرمایەداریشمان هەبێت بریتین لەو پیاوانەی کە پارەی تاڵانی حیزبەکانیان بەدەستەوەیە یا هی سەرکردەیەکی حیزبی خۆیان و خاوەن پارەکانیش لە بەر ئەوەی بە مشەخۆری پەیایان کردووە ناچارن پارەکانیان لە ژێرزەمینەکان هەڵبگرن یا بە جۆرێکی مافیایی لە دەرەوەی وڵات سپی بکەنەوە بۆیە ئەم جۆرە سەرمایەدارانە خێریان بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی نیە ،لەبەر خۆیان بەدەست خۆیان نین بوونەتە کرێگرتەی داگیر کەران . لە کوردستاندا جۆرێک لە شێواوی سەرمایەداری درووست بووەو لێک جیا ناکرێنەوە کامیان نیشتمان پەروەرن ، گەر هەبێ ئامادە نابێت خۆی بداتە دەستەوەو ئارەزووی لە سەربەستی خۆیەتی .

لەبەر شێواوی کۆمەڵگاکەمان ئەوەندەم توانیوە تیشک بخەمە سەر بابەتی دۆستی ناوەکی کە زۆرینەی کۆمەڵگا دەگرێتەوەو ژیان و مانیان بەیەکەوە بەستراوەتەوەو کاریگەریان لەسەر یەک هەیە و بە هێزی هەموویان دەتوانن وڵاتێکی سەربەخۆ دروست بکەن بەپێی هەلومەرج.

نادیدە گرتنی دۆستایەتی ئەو چین و توێژا بۆ یەکتر پتر دەگەڕێتەوە بۆ ناهوشیاری و تێنەگەیشتن لە چەمکی دۆستایەتی گرنگیەکەی لە یەکلا کردنەوەی پرسی نەتەوەدا ، دووهەم دوژمنانی ناوەکی و دەرەکی هەمیشە لە سەنگەردان ئەو چین و توێژانە یەکگرتوو نەبن و بە پەرش و بڵاوی بمێننەوە بۆ تێپەڕاندنی مەرامی چینایەتی و دوژمن کارانەی خۆیان .

**دۆستی دەرەکی** ، نەتەوەی کورد یەکە بەڵام ئەمڕۆ بە زۆردارەکی سنوورێکی بەسەردا سەپێنراوەو هەر پارچیەکی لەسایەی سیستەمێکی ستەمکاری جیاوازدا گوزەراندوویەتی ، بەڵام نابێ و ناشکرێ لە ڕووی ستراتیژیەوە نەخرێتە ناو لیستی دۆستەڕاستەقینەکەی خۆی سەرەڕای لەدەرەوەی سنورە دەست کردە جوگرافیەکەدایە ، بەو پێیە بابڵێین دۆستێکی دەرەکییە لە کایەی نەتەوایەتیدا تاوانە هەر پێشکەوتنێک یا کارەساتێکی خۆت بە هی ئەو نەزانیت و هەرپێشکەوتن و کارەساتێکی ئەوان بە هی خۆت نەزانیت بیخەیتە هاوکێشەی دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە لەبەر ئەو هاوکێشەیە پشت بکرێتە دۆستی سەرەکی خۆت کە لە نەتەوەی خۆتەو بیکەیتە قوربانی سیاسەتە چەوتەکان ، کەواتە پێش هەموو دۆستەکان کوردی پارچەکان دۆستی سەرەکین و چۆن بەرگری لە پارچەی خۆت دەکەی هەمان هاوبەشی و هاوخەمی و بەرگریەش لەو پارچانە بکرێت .

هەموو ئەو ڕێکخراوو حیزب و گەلانەی باوەڕیان بە مافی مرۆڤ هەیە و مرۆڤایەتی گشتی بە دۆستی دەرەکی دادەنرێن و هەماهەنگیان لەگەڵدا ئەرکە و پەیوەندی دۆستانەی ڕاستەقینەیان لەگەڵدا ببەسترێت بۆ بردنە پێشەوەی پرسی نەتەوەیی و دروستکردنی پردی سۆزو خۆشەویستی تا بتوانرێ کۆمەک و یارمەتی دیبلۆماسی و مادیان لێ بەدەست بهێنرێت ، بۆ ئەم کارە ڕەوەندی کوردی وەک کورد ئەو پەیوەندیە دروست بکات نەک لەسەر بنچینەی کاری حیزبایەتی کە پتر بۆ بەرژەوەندی تەسکی کەسێک یا حیزبێک گەڕاوەتەوە .

پەیوەندی دۆستانە لەگەل گەلانی ئازادی خواز لەسەر بنەمای بەرگری لە مافی گەلانی چەوساوەو نەبێتە هۆی پەیدا بوونی دوژمنی زیاتر .

دەوڵەتانی زل هێز لە دیرۆکەوە دەسەڵاتی خۆیان بڵاوکردۆتەوەو سەپاندوویانە بەسەر زۆر لە وڵاتانی جیهانداو دەستیان وەرداوەتە هەموو جومگەکانی ژیانی وڵاتانی تر ، ئێستاشی لەگەڵدا بێت برەوی زیاتریان پێداوە بە هۆی گەشەکردنی تەکنۆلۆژیای سەربازی کە هەیانەو دەستشیان لە وڵاتانی ناوچەکەی ئێمەدا هەیە بۆ فراوان کردنی هەرچی زیاتری قەڵەمڕەوی خۆیان و کەڵک وەرگرتن لەسامانی ئەم وڵاتانە ، بۆ ئێمە قۆزتنەوەیان وەک دۆستی نێو دەوڵەتی بەڵام بەو گومانەی ئەوان ئێمەیان دەوێ بۆ مەرامی خۆیان و ئێمەش پەیوەندیەکەمان لەسەر ئەو بنەمایە لە گەڵیان گرێدابێ هەڵبەتە ئێمە جێگەی بڕوای ئەوان نین هەوڵدەدەن وەک کرێ گرتە بەکارمان بهێنن کە زانیان خواستەکانی ئێمە لە داخوازی مادی تێپەڕناکات

، خۆ کە یەکڕیزی و پتەوی  ستراتیجەکەمانیان زانی و بینیان لە سەر زەمینی واقیعیدا نیازمان ئازادی و سەربەخۆیی دروستکردنی وڵاتەو ئەمانەوێ وەک میللەتێک ئازاد بژین و سبەی دەبینە خاوەن بڕیارێکی قورس ، ئاوڕدانەوەکەیان بەلاماندا حیساب بۆکراو دەبێت لەسەر زەمینێکی فشووڵ پەیوەندیەکانی نێوانمان دانامەزرێت بەڵکو پشت دەبەستێت بە دان و وەرگرتن لە قازانجی هەردوو لادا ، جا ئەگەر بزانن لەگەڵ دۆستە ڕاستەقینەکانیاندا دۆستایەتی باشت هەیە گومان لەسەرت دەرەوێتەوە ، کەواتە پەیوەندی لەگەڵ زلهێزەکان پشت دەبەستێت بە بوێری و دەست کراوەیی و شارەزاییت لە دیبلۆماسیەتی نێو دەوڵەتی و ئامانج ڕوونی نەتەوایەتی .

دۆستایەتی لە گەڵ گەلانی دەوڵەتانی داگیرکەر گرنگیەیەک بە ئەندازەی دۆستە ناوەکیەکەی خۆت هەیە ، دەتوانێت فشار بخاتە سەر دەوڵەتەکەی بۆ کەم کردنەوەی گیانی دوژمنکارانەو مل کەچ پێ کردنی بۆ بە ڕەوایی دانی مافی کورد و باوەڕهێنانی بەوەی بە ئاشتی پێکەوە بژین وەک هەر هاونیشتمانیەک لەناو سنورەکەیاندا یا وەک هاوسێیەکی باش و دۆست لەگەڵ یەکدا بژین بەبێ شەڕو گێچەڵ .

***__دوژمنی ناوەکی__*** ، ئەم دوژمنە وەک کرمی ناودار وایە زۆر زوو کلۆرو ڕەنج بێوەری دەکات ، بۆیە دەست نیشانکردنی ئەبێتە مایەی کورت کردنەوەی ڕێی چارەسەرکردنی کێشەو پێشهاتەکان ، هەندێک لەو دوژمنە سەرەکیە ناوخۆییە پارێزی گەرەکە بۆ لە ناوبردنی یا کۆشش کردن بۆ گێڕانەوەی بۆ بەرەی دۆستەکان ، دیارە ئەم دوژمن زۆرینەنیە کەمایەتیەکی زۆر کەمەو هەڵگری کولتورپیێشینەی دواکەوتوویی خۆیەتی و خۆی بە میراتگرو خاوەن دەزانێ و زۆرینەش بە هەرچی و پەرچی ، لەوانە :

***__پاشماوەی بەچکە دەرەبەگ و خێڵ__*** ، یەکێک لە کارە باشەکانی دەوڵەتی کودەتاچی قاسم یاسای چارەسەری زەوی بوو هەرچەندە لەجێی خۆی بوو بەڵام بوو بە نەهامەتی بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی ، خێڵ و سیاسیە خۆپەرستەکان بەحیسابی هەل و مەرجی شۆڕش کردن لە ئارادایە دوای هەستانی دەرەبەگەکان دژی یاسای چارەسەری زیوی قاسم ، هەرایەکیان دروست کرد ئەوەی ئێستای لێهاتە بەرهەم بەدرێژایی ٥٦ ساڵ کوشتن و کاول کردنی کوردستانی لێ کەوتەوە لە گەڵ دروستکردنی پیس ترین شیرپەنجە ئەویش دووبەرەکی جەلالی و مەلایی و کۆتا هیچیان نەیان توانی یەکتری ببەزێنن بەڵام خوا هەڵناگرێ درێخیان نەکرد لە بە کوشتدانی ڕۆڵەی کوردوو دواییش پێک هاتنەوەو دەستیان بە سمێڵی خۆیاندا هێناو دەسەڵاتیان لەناوخۆیاندا برا بەش شتێ کەمتر شتێ زیاتر دابەش کرد ئەوەی زیان مەند بوو ئەو قوربانیانە بوون یەکتریان نەدەناسێ بۆ دووکەس کە باش یەکتریان دەناسی ، ئێستاشی لەگەڵدابێ دوای ئاسایی بوونەوەی دۆخەکەشیان هەریەکە بە پیاوی گەورەی خۆیدا هەڵدەدا لە بەر ناهوشیاریان ، ئەو شیرپەنجەیە ٢٦ ساڵە لەسایەی پاشخانی شۆڕشگێڕێتی

باشووری کوردستان دەخۆن میللەتەکەی لەنازی نەتەوەیی دەسڕنەوە ، ستەمیان گەیاندۆتە پۆپە تەنانەت پێیان ڕەوایە بەخەڵک بڵێن هەموو شتێک بۆخۆم هی تۆش دەخۆم ، بەردێکیان نەخستۆتە سەربەرد ، ئەوەی هێشتوویانەتەوە کلتووری دەرەبەگایەتی و خێڵایەتیە تا بۆیان لواوە خەرجیان کردووە لەسەر زیندوو کردنەوەی ئەو چینە ، کە هەرگیز لەگەڵ گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵگادانین ، هەر خەریکی پارە کۆکردنەوەو خۆ دەوڵەمەندکردن و ناردنە دەرەوەی پارەکانیان بۆ وڵاتان ، ئەم مشەخۆرانە دەیان توانی کوردستان بەرن بەرەو وڵاتێکی پیشەسازی کشتووکاڵی وا گەلانی تر ئاواتی هاتن بن بۆ سەرمایە گوزاری ، ئەگەر بڵێن ئەوەنیە سەرمایە گوزاری دەرەکیمان هێناوە بەڵێ وایە ئەوانە هاتوون یارمەتی ئێوە بکەن چۆن پارە دزراوەکان سپی بکەنەوە لە وڵاتان ، ئەم چینە لەگەڵ کۆمەڵێک بەناو مارکسیستە کورد چێتیە ڕزیوەکە بوونەتە سەرمایەداری مشە خۆری هیچ لەبارا نەبوو ، ئەم چینە لە شێواندنی کۆمەڵگا بەولاوە کارێکیان نەکردووە مانەوەی زیاتریشیان کارەسات بارترە بۆ خەڵک ، جاران تێکۆشانمان بۆ دەربازبوون بوو لەدژی ڕژێمی عیراق ئێستا ئەمان لەسایەی ئالای کوردستان و حوکمڕانی کوردیدا ستەمەکە لەوێزە بەدەرە .

***<u>سەرمایەداری مشەخۆر</u>*** ، ئەمانە لەسایەی ئەم حوکمڕانە گەندەڵەدا درووست بوون زۆربەشیان بریکاری خاوەن پارەکانن ، خاوەن پارەکان بریتین لە " ئەندام مەکتەب سیاسی و فەرماندە سەربازیەکان ، بە ئاشکرا حوکمڕانی قەرەقۆش دەکەن هەرچی زەوی هەیە دایان بڕیوەو کردوویانە بە ڤێللاو باخی بێ بەرهەم و زۆریان کراون بە مۆزەخانەی ئاژەڵان بۆ کات بەسەر بردنی خۆیان ، ئەمانە لێبوونەتەوە ستەم چۆتە ئێسکیانەوە " ئەو سەرمایدارانە وەک کۆیلەی ئەو حیزبە گەندەڵانە خۆیان خزم و خوێشیان شاهانە لە ماڵی خۆیان کۆیلانە لەبەر دەرکی ئەو بەرپرسە حیزبیانەدا دەژین ، ئەمانە ناتوانن سەرمایە گوزاری لە کاری باشدا بکەن ، کاریان قاچاخچێتی نەوت و بەنزین و دەرمان و خۆراک و داگیرکردنی مەرزەکان و ماشینەوەی پارەیە لێی . کەواتە کاری ئەمان بریتیە لە دوژمنایەتیەکی کرێگرتەییە لە پەناوە.

***<u>موستەشار و جاش و سیخوڕ</u>*** ، دوای ئەوەی چەندین ساڵ خزمەتی داگیرکەریان کرد بە پاراستنی ڕێگاو بانەکان شەڕی پێشمەرگەو بەشداری کردنی ئەنفال ، ئێستا بە پای پیلان بۆ خۆیان حەساونەتەوەو زۆرێش ڕێزیان زیاترە لە خەڵکە داماوە ئەنفال کراوەکە ، دیوەخانانەو خانەنشێنی و دەسەڵات و هەڵاتوش لە دادگای عیراق و پارێزراو لای دۆستە ڕاستەقینەکانیان، ئەبێ ئەمانە لە نوێنەری دوژمن و خۆفرۆشێتی زیاتر چی بکەن ئەمانە دوژمنی ناوەوەی خەڵکی کوردستانن ئەوانەی پەناشیان داون وەک ئەوانن .

ئەمدەسەڵاتەی ئێستای حوکمڕانی بە ناوی شەرعیەتی شۆڕشگێڕیەوە سواری سەری خەڵک بووە گەورەترین تاڵانچی نەوت و غازن ، قۆرخی هەرچی جومگە داراییەکان هەیە کردوویانە بە ناوی قەیرانەوە خەریکە خزمەتگوزاری دێتە سەر ڕینگ مۆچە بڕین ڕێگری لە ئازادی

دەربڕین و یاسا خستنە ژێر پێ و داخستنی پەرلەمان و سەرکوت کردنی حیزبەکان بە پارەو پلەو بەرژەوەندی لەسەرو هەموویانەوە دەست بەسەر سەرۆکایەتی هەرێمدا گرتن و هێشتنەوەی حوکمەتێکی شکست خواردوو بەسەر خەڵکەوە و ئیفلیج کردنی دادگاو کڕینی دادوەرەکان یا بێ دەنگ کردنیان ، ئێ خۆ داگیرکەرەکانیش هەر ئەوەندەیان کردووە ، ئەمانە لەشکرێکیان لە چەکداری حیزبی درووست کردووە هەرگیز ئامادە نین دەست بەرداری ببن و بیکەنە سوپایەکی نیشتمانی ، چونکە داردەستی سەرکوتکردنە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی حیزبی خۆیان ، ئەم حوکمڕانە ئەمە ڕەفتاری بێت لە خانەی دوژمن بەولاوە زیاتر جێگای نابێتەوە ، ئەم جۆرە حوکمڕانە کە پڕاو پڕ دژی خەڵکی خۆیەتی ناشتوانێ دەست بەرێ بۆ پرسی سەربەخۆیی بەڕاستی ، ئەمانە گرێدراوی داگیرکەرانن لە خزمەتی ئەجێنداکانی ئەواندا جوڵەیان هەیەو بێ فەرمانی داگیرکەران ناتوانن هیچ هەنگاوێک بنێن ، بۆیە متمانە بە دوژمن ناکرێت سەربەخۆیی و دەوڵەتت بۆ درووست بکات ، ئەم دەسەڵاتە ئەبێ بڕووخێندرێ .

***__دوژمنی دەرەکی__*** ، دەوڵەتانی ئیراق و ئیران تورکیاو سوریا داگیرکەرانی کوردستانن دوژمنی دەرەکین و سەرسەختانە هەرچی مرۆڤایەتی پێی خراپە بە کوردیان کردووە ، حیزب و ڕێکخراوە ڕەگەز پەرستیەکانیشیان هاندەرو ڕێخۆشکەری ئەو دوژمنایەتیەن . ئەم داگیرکەرانە دوژمنایەتی خۆیان چڕ دەکەنەوە بۆ سەر کورد لە ڕێ پەلاماردانی سەربازی سەرکوتی ئازادی و بەکارهێنانی دوژمنە ناوەکیەکەی کورد کە کوردە بۆ هێشتنەوەی لە دۆخی داگیرکراویدا .

هەموو ئەو ڕێژێم و دەوڵەتانەی باوەڕیان بە مافی مرۆڤ نیەو بێ گومان دوژمنایەتی کورد دەکات گەر بە دوژمنیشیان دانەنێن لەبەرەی دۆستدا نین .

ئەو وڵاتانەی چاویان لە دزینی خێرو بێری کوردستانە بە شەڕ ئەنگێزی و هەوڵی کپ کردنی دەنگی ئازادمان دەدەن دوژمنانن .

هەرچی دوژمنی دەرەکی هەیە ناتوانێ زەفەر بە کورد بهێنێ گەر دوژمنە ناوەکیە بەکرێ گیراوە خۆماڵیە پەلی نەگرێت .

لە کۆتاییدا ئەمەوێ ئاماژە بکەم بە شێرپەنجەیەکی تر لە کوردستانە ، زۆرینەی ڕەهای کورد موسوڵمانە لە دایک و باوکێکی موسوڵمانەوە پێش هەزارو ئەوەندە ساڵە بەزەبری شمشێر کراوە بە موسوڵمان و ئەم ئاینە ڕەگی خۆی داکوتاوەو وێزەی لە خەڵک بڕیوەو فێری کردووە هەموو شتێک قسمەت و نسیبەو ئەوەی لە چارەت نوسراوە هەر ئەوەیەو تا بۆشی کراوە لە خزمەتی ئیسلامدا کاری کردووەو وەک نەتەوەکانی تر ئەو ژیری و بوێرییەی نەبووە ئیسلام بخاتە خزمەتی نەتەوەکەی خۆیەوە دەوڵەتێکی پێ درووست بکات لەوەختی سەلاحەدین دا ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساوەو ناوی دەوڵەتی ئەیوبی لە خۆی ناوە ، دوای ئەوە وەک دەسەڵاتی بەدەستەوە نەماوە بەڵام وەک دانیشتوانێکی پلە دووی موسوڵمان ڕەفتاری

لەگەڵ کراوەو جارو باریش وەک لەشکری کرێ گرتەیی هەر لەژێر ناوی ئیسلامدا بەکار هێنراوە بۆ سەرکوت کردن ، دوای دابەش بوونی بەسەر چوار دەوڵەتی فاشستی ئیسلامیدا ، کورد سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی پەیڕەوی سونەیان کردووەو کەمایەتیەکی کەمی شیعەیە ئەو وڵاتانە بە گەلەکانیشیانەوە وەک کەمینەیەکی کورد مامەڵەی لەگەڵ کراوە تەنانەت ئەوەندە مافەی ئاینەکەش پێی داون پێیان ڕەوانەبینراوە . شیرپەنجەکە لەوەدایە موسوڵمانێتی تاکی کورد ئێستا خراوەتە بەر نەشتەری ڕێبازو چەندین جۆری حیزبی ئیسلامی کە هیچیان حیساب بۆ ئیسلامێتی یەکتر ناکەن لەناخدا گەر لە ڕواڵەتیشدا وای نەدرکێنن ، خەڵکی موسوڵمانی کوردستانیان خستۆتە گێژاوی ئیخوانی و سەلەفی و سەلەفی جیهادی و وەهابیەتەوە ، تا ڕادەی یەک کافر کردن و هەڵشاخان بەسەر خەڵکدا گەر پەیڕەویان نەبیت ، ئەمە کار دەکاتە سەر باری دەروونی و فەرهەنگی و کولتوور و کورد بوونیش کە پێیان وایە لە پێشدا دەبێ موسوڵمان بیت و باوەڕت بە حوکمی شەریعەت هەبێت ئەوسا کورد بیت ، جارو بار وا دەحەپەسێی لەم دۆخە دەڵێی سەد خۆزگەم بە زەمانی نوری سعید نا بەو مانایەی ئەو حوکمڕانە باشتر بوویێت ، ئەو زەمانە کورد موسوڵمان بوو ئاسایی ئاینی بەسەرا سەپێنرابوو خووی پێوە گرتبوو خەڵکی پێنج فەرزەکەی جێبەجێ دەکردو یەکتریان لا خۆشەویست کەس کەسی کافر نەدەکرد و وەک برا ژیان دەبرایە سەر ، ئێستا ئەمانە خەڵکیان لە هەموو شتێک کردووە نە ئەوەتا وەک جارانی لێ بکەنەوە نە ئەوەتا هەموویان ببن بەیەک و نە ئەوەتا دەست بە کڵاوی خۆیانەوە بگرن و چی خزمەتێکیان پێ دەکرێ بیکەن ، بەبەرچاوی خۆیانەوە بەعس کوردی ئەنفال کرد شیعەی ئێران بۆتە ڕژێمی سێدارە بۆ کورد ئەردۆگانی فاشیست دەست لە کەس ناپارێزێت و گەورەو بچووک دەکوژێت تەنانەت هەموو توانایەکی خستۆتە گەڕ بۆ ڕێگری کردنی کوردانی ڕۆژئاواو ڕۆژانە پیلانگێڕیان دەکات بەلای ئەم ئیسلامیانەوە هیچ نیەو نایان بزوێنێ بەڵام فەلەستینیەک یا بورماییەک خوێن لە لووتی بێت دنیای بۆ کاول دەکەن و خۆپیشاندانیشی بۆ دەکەن بە جلی کوردیەوە .

هیوادارم ڕۆشناییەکم خستبێتە سەر بابەتەکەو بەرچاو ڕوونیەکتان لا پەیدا بووبێ بۆ باشوور لەم دۆخە ناهەموارەدایە ، بەپێی ئەم لێکدانەوەیە هەنگاو هەڵبگیرێ بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ڕاستەقینەی کێشەکان تا کۆمەڵگای کوردستان بتوانێ بە ئاسوودەی ژیان بەرێتە سەروو هەنگاوی درووست بنێت بەرەو سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت لە سایەی حوکمڕانێکی دادپەروەرو نیشتمان پەروەردا .

مامۆستا شێرکۆ – ئەمەریکا

٢٠١٧/٩/١١